# کەمپینی هاوکاری ئاوارەکانی کەمپی ئەلتاش
# " تۆش بەشداری بکە "

هەروەک ئاگادارن ماوەیەکە کۆمەڵێک لە پەنابەرە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ئۆردوگای ئەلتاشی ئێراق دەژیان، لە بەر خراپ بوونی ڕەوشی ژیان و مەترسی هێرشی هێزە توندەتەبیاتە ئیسلامییەکانی ناوچە ڕوویان لە بیابانەکانی نێوان ئێراق و ئۆردۆن کردووە.

پەنابەران لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا کە ئەمڕۆ کومیتەی پشتیوانی لەگەڵیاندا هەیبوو، ڕایانگەیاند کە ئێستا ئیدی سەرما و برسیەتی هێرشی بۆ هێناون و مەترسی ئەوە هەیە کە ڕووبەڕووی تراژیدیایەکی نەویستراو ببن.

ئەوان ئێستا، لە نێوان سنووری دوو وڵاتی بێگانە دا و لە سەر لێواری مەرگ و ژیان، چاوەڕوانی ئەوەن ئێمە هاوڵاتییەکانیان دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکەین. چونکە ئێستا هەموو ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی ئەو شوێنە دەستیان ناوە بە ڕوویانەوە و بە چارەنووسی خۆیانیان سپاردوون.
ئەوان ئێستا لە دەستی تەوژمی ساردی ڕەشەبای بیابانەکانی نێوان ئێراق و ئۆردۆن، بێ پێخەف، بێ خواردن و.... تەنانەت بێ ئەوەی چواردیوارێک هەبێ کە تێیدا لە دەوری یەک کۆبنەوە، لە ناو چاڵە بە چنگ هەڵکەنراوەکانی بیابانا خۆیان حەشار داوە.
ئەوان ئێستا بە کۆمەڵێك منالی برسی و هەڵلەرزیوەوە بێ ئەوەی هیچ ئومێدێکیان بە یارمەتی هاوشێوەکانیان ( هەموو مرۆڤەکانی ئەو دەڤەرە) هەبێ چاوەڕوانی هیمەتی ئێوەن.
کومیتەی پشتیوانی کردن لە ئاوارەکانی ئەلتاش داواتان لێدەکات کە بە هەر شێوەیەک بۆتان دەلوێت لە هەڵمەتی ڕزگار کردنی ئەو ئاوارانەدا بەشداری بکەن.

بۆ بەشداری لە هەڵمەتی ئیمزاکردنی تومار بۆ خاچی سوور و نەتەوەیەکگرتووەکان:
تکایە ناو و شوێنی ژیانی خۆشتان بۆ ئادرەسی ئەلەکترۆنی تایبەت بەم هەڵمەتە بنێرن. ناوەکانتان لە گەڵ نامەیەک کە تایبەتە بە ڕەوشی ئەو پەنابەرانە و داخوازییەک بۆ ڕزگار کردنی ئەوان، دەدرێتە ڕێکخراوەکانی خاچی سوور و نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئادرەسی ئەلەکترۆنی : penaber@rojhilat.org

بۆ پشتیوانی ماڵی:
ئەو کەسانەی کە خوازیارن یارمەتی ماڵی بەو کەسانە بکەن دەتوانن پارەکانیان بڕژێننە ناو ئەم دوو ژمارە حیسابەی خوارەوە. هەموو یارمەتییەکانی کە بۆ ئەم مەبەستە بە ئێمە دەگەن بۆ ئەو پەنابەرانە دەنێردرێت.
تکایە ناوی خۆتان و لە ناو کەوانەشدا وشەی YARMETI لە ناو فۆرمی پارە ناردنەکەدا بنوسن.

پۆناو سوێد ژمارەی پۆست گیرۆ ( pstgiro nr: 11 84 408-1 )

بۆ دەرەوەی سوێد : ژمارەی بانکی ( foreningssparbanken 8480631840978 )

کومیتەی پشتیوانی لە ئاوارەکانی ئەلتاش

4ی فێوریەی 2005

لیستی ناوەکان / ئیمزاکان

| ناو | وڵات |
| --- | --- |
| هیوا گوڵمحەمەدی | سوێد |
| نادر کۆماسی | سوێد |
| ژوان گوڵ | سوێد |
| کەریم مەرەسەنە | سوێد |
| فەردین خضری | سوێد |
| شاهۆ ئەسکەندەری | فینلاند |
| محەمەد ئەحمەدی | فینلاند |
| دڵخواز ئەنوەر محەمەد | فینلاند |
| حامید درودی | سوێد |
| عەلی درەخشانی | فینلاند |
| جەلال فاتمی | فینلاند |
| سیروان زانا | مهاباد |
| زاگرۆس موکری | مهاباد |